قوباد تاهیرباني: یەکێتی ئامادەیە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم



قوباد تاهیرباني، جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی رایگەیاند، یەکێتی ئامادەیە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێم لەسەر بنەمای هاوبەشیی راستەقینە.

بەپێی راگەیەندراوێکی نوسینگەکەی، ئەمڕۆ پێنجشەممە، قوباد تاهیرباني، جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەندێ بیزنی، کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەرێم کۆبوونەوە و پێکەوە چەند پرسکی جێی بایەخی هەردولایان تاوتوێ کرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە زیانەکانی لافاوەکەی چەمچەماڵ و ئیدارەی گەرمیان کرا. کونسوڵی گشتیی بەریتانیا هاوخەمی خۆی بۆ خانەوادە و کەسوکاری قوربانیان و زیانلێکەوتوانی لافاوەکە دەربڕی. جێگری سەرۆك وەزیرانیش ئاماژەی بەوەدا هەمو ڕوشونکی پێویست گیراوەتەبەر بۆ ئەوەی زیانلێکەوتوان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و هەنگاوی پێویستیش دەگرنەبەر بۆ ڕێگریکردن لە دوبارەبونەوەی روداوی هاوشێوە لە

داهاتودا.

لەو تەوەرەکیتری کەبوونەوەکەدا، بەپێی راگەیەندراوەکە، باس لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوی هەرێم کرا. لەمبارەیەوە، قوباد تاڵەبانی جەختیکردەوە "یەکێتی ئامادەیە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکومەتێك لەسەر بنەمای پرەنسیپی هاوبەشیی راستەقینە کە بەبێ جیاوازی خزمەتی هەمو کوردستان بکات".

سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوی عێراقیش، قوباد تاڵەبانی ئاماژەی بە سەردانەکەی چەند ڕۆژ لەمەوبەری وەفدی باڵای یەکێتی کرد بۆ بەغدا و رایگەیاند "لە سەردانەکەدا دید و بەرنامەی یەکێتیمان بۆ لایەنە عێراقییەکان ڕون کردوەتەوە و جەختمان کردوەتەوە لەسەر پێویستیی پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز کە بتوانێت کێشەکانی عێراق و لەناویشیاندا کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە لێکتێگەیشتن و بەپێی دەستور چارەسەر بکات."